سەماحەتی حەکیم چاوی بە باڵیۆزی تورکیا دەکەوێت و بانگەشە بە پتەوکردنی پێوەندییە دووقۆڵییەکان و نەهێشتنی توندڕەوی دەکات



بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز(ئەنیل بۆرا ئینان) باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا کەوت، لەم دیدارە باس لە پێوەندییە دوو قۆڵییەکانی هەردوو لا و پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکەش کرا، جگە لەچەند دەسێك کە مایەی بایەخی هەردوو لایەنە.

لەم چاوپێکەوتنەدا سەماحەتی حەکیم دووپاتی کردەوە کە ووبەووبوونەوەی داعش بەرپرسیارێتیەکی گەورە بوو پێویستە هەموو هاوپیمان بن لەوەتانی ناوچەکە و گوتیشی عێراق ئەزموونێکی دیاری لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر هەبێ، هەروەها ڕایگەیاند کە پێشوازی لە هەموو هەوڵێك یان ئەرکێکی هەرەمی دەکات کە بیەوێت کێشەکانی ناوچەکە چارەسەر بکات، لەسەرووی هەموویان نەهێشتنی تیرۆر و توندڕەویین.
سەماحەتی داوای کرد پرۆتۆکۆل و ڕێکەوتنەکانی هاوبەشی نێوان عێراق و تورکیا لەهەموو بوارەکان ئەکتیف بکرێت بەتایبەتی دەسەی ئاو و پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵی دووپاتی کردەوە کە ئەو هاوکارییە لە هەموو ڕووەکان سوودی بە هەردوو وڵات دەبێت، ڕوونیشی کردەوە کە کە زۆری دەروازەکانی ناردنە دەرەوەی نەوتی عێراقی بەشداری دەکات بەشێوەیەکی ئەرێنی لە پتەوکردنی ئابووری عێراقی.
ئەوەی پێویستە بە پێوەندی نێوان هەردوو وڵات، سەماحەتی حەکیم پالپشتی عێراقی دووپات کردەوە بە بێکەوە ژیانی ئاشتیانە و پتەوکردنی پێوەندی دوو قۆڵی نێوان هەردوو وڵات بەشێوەیك کە خزمەتی هەردوو وڵاتی دەست بکات، هەروەها دووپاتی کردەوە کە عێراق ئەستا لە دەخێکی سەقامگیری ئەمنی وسیاسی و کەمەلایەتی دایە و ئەوش هەلێکە بە قووڵکردنی پێوەندی دوو قۆڵی لەگەڵ تورکیا لەسەر هەموو ئاستەکاندا.